٨٠٨,٨
٩٢٤٤٤ / ك
٨٠٨,٨
٩٢٨ / گ

# ئەدەبی بێگانە

کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی یە لە ئینگلیزی یەوە کراوە بە کوردی

زانکۆی سۆران
فاکەلتیی ئاداب
کتێبخانەی فاکەلتیی ئاداب
بەش :
ژمارەی تۆماری کتێب : ٣٦٠٨
بەرواری تۆمار کردنی کتێب :

جامعة السليمانية
المكتبة المركزية
القسم الادب والاسلام
التسلسل ٤٩٦٩
تاريخ التسلم ١٥ / ٢ / ١٩٨٢
رقم التصنيف
نوع العملة
ابتعه الاول

امانة المكتبة المركزية
جامعة صلاح الدين

College of Education - Soran

رقم السجل (٤٩٦٩)

بەشی یەکەم

بەسەرپەرشتی

## عەزیز گەردی

٣٦٠٨

« کتێبخانەی حەیدەری » بڵاوی کردۆتەوە

چاپخانەی ـ الحوادث ـ

بەغدا ـ ١٩٨٢

زمانێکی نەتەوایەتی ئەوەندە نەرمو ناسکو بەپێز دایبڕێژی کە کەس نەزانێ ئەمە وەرگێڕانەو هەر کەسێ خوێندی‌یەوە وا تێبگا کە ئەمە نووسینی وەرگێڕەکە خۆیەتی نەك وەرگێڕان ٠

بێ گومان ئێمەی کورد لەچاو نەتەوەکانی‌دی بزووتنەوەی وەرگێڕانمان زۆر کزەو ئەوەی کە هەیشە کەمێکی کەمی لێ‌دەرچێ ئەوەی‌دی لە کەمو کورتی خاڵی نی‌یەو مەرجی هونەری‌و زانستی لێ‌نەهاتۆتە دی ؛ بۆیە ئەرکێکی نەتەوایەتی سەرشانی هەمووومان ئەوەیە کە بە پێی توانا بەشداری پێشخستنی بزووتنەوەی وەرگێڕان بکەین‌و چیمان لەدەست دێ دریغی نەکەین ٠ دیارە ئەم ئەرکە گەورەیەش دەکەوێتە ملی ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی کە زمانی بیانی ، بە تایبەتی زمانی ئەورووپی ، دەزانن ٠ تەماشا دەکەی هەموو ساڵێ سەدان نا بەڵام دەیان گەنجی لێهاتووی کورد بەشی زمانە ئەورووپی‌یەکان لە زانکۆکان تەواو دەکەن، ئەو گەنجە بە توانایانە ئەگەر نەیکەنە تەمبەڵی‌و کەمتەرخەمی دەتوانن بەشداری‌یەکی باشی ئەم ئەرکە بکەن‌و هەر یەکە چ کتێبێکیان پێ‌خۆشەو لەگەڵ حەزو ئارەزوویان دەگونجێ بیکەنە کوردی ٠

بەشی زمانە ئەورووپی‌یەکانی زانکۆی ( مووسل )یش زۆر قوتابی بە تواناو لێهاتووی تێدایە کە مەبەستیانە خزمەتی زمان‌و ووشەو ئەدەب‌و ڕۆشنبیری خۆیان بکەن‌و دیارە هەر بۆ ئەوەش خۆیان فێری زمانی ئەورووپی دەکەن تا خزمەتی زمان‌و نەتەوەی خۆمانی پێ‌بکەن ٠٠٠ جا ئەو کاتەی کە پێشنیاری بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە هاتە ئاراوە هەموو لا بە دڵێکی زۆر خۆش‌و بە سینگێکی زۆر فراوانەوە باوەشیان بۆ کردەوەو زۆر دڵسۆزانە بە دەنگ پێشنیارەکەوە هاتن‌و بە مازەیەکی کەم ئەم بەرهەمە خنجیلانەیە هاتە کایەوە کە لە دوو توێ ئەم نامیلکەیەدایەو بەئومێدین

# ئاواتە مەزنەکان (١)

ڕۆمانی : چارلز دیکنز
کورتکردنەوەی : تی دەبلیو سمێت
وەرگێڕانی : حیکمەت

( هاڤیشتام ) مەیفرۆشێکی دەوڵەمەند بوو • ماڵی لە (سایتس هاوز) لە شارێکی نزیك کەناری خوارووی ڕێژ گاوی ڕوباری ( تایمز ) بوو •

هاڤیشتام لە ژنی یەکەم کچێكو لە ژنی دووەم کوڕێکی هەبوو ناوی ( ئارسەر ) بوو • ئارسەر منداڵێکی دەستبڵاو بووو بەخیلی بە زرخوشکی دەبرد چونکە باوکی میراتێکی لە میراتی ئەم زیاتری بۆ بەجێ هێشتبوو • ئارسەر چوو دەستی لەگەڵ ( کۆمپایسن ) ناوێك تێکەڵ کرد کە پیلانگێڕێکی شارەزاو بە سەرو سیما بوو • ( کۆمپایسن ) بە جۆرێ دڵی لە ( مس هاڤیشتام ) سەند بوو کە مس هاڤیشتام تا قسەی ئەو هەبوایە بە قسەی خزمی خۆی نەدەکرد • ( کۆمپایسن ) ئەمەی بە هەڵزانیو مس هاڤیشتامی هەڵخەڵەتاند کە بە نرخێکی باش بەشەکەی ئارسەر لە مەیخانە بکڕێ •

(١)

T. W. Simth : Brodies, Notes on Charles Dickens.
(( Great Expectation )). London, 1976.

( ماسیۆ بۆکێت )ی ئامۆزای مس هاڤیشتام بەم فێڵەی زانیو کچەی هوشیارکردەوەو ئەو بەیانی‌یەی مس هاڤیشتامو کومپایسن بەتەما بوون زەماوەند بکەن ، پرۆژەکەی بە نامەیەك لێ پووچ کردنەوە بەڵام ئـەم دوو ناکەس بەچەیە ( مس هاڤیشتامو کۆمپایسن ) لەوە زیاتریان پێ‌نەما کە ڕوو لە ژیانی تاوانباری بکەن .

ئارسەر بە دەم وورینەوە مردو وای هاتە بەرچاو کە زڕخوشکی کفنی بەسەردا هەڵکێشاوە . لەولاوەش کومپایسن بیری بۆ ( ئابێـل ماگویچ ) چوو بەڵکو بشێ یارمەتی بدات . ماگویچ بە گەنجی زۆر جار کەوتبووە بەندیخانە . منداڵێکی لە ئافرەتێکی قەرەج هەبوو ژنەکـــە ناوی ( مۆلی ) بوو . مۆلی بە کوشـتنی ئافرەتێك تاوانبـار کرا بوو کــە حەسوودی پێ‌برد بوو . ئەم مەسەلەیەش مەسەلەیەکی زۆر گرینگی (جاگەر)ی پارێزەر بوو کە توانی مۆلێ تەبریە بکا . لە کاتی مەحکەمەدا (ماگویچ) خۆی شاردەوە . کۆمپایسن بەمەی زانـیو ئەمـەی کـردە بەهانە . کومپایسنو ماگویچ هەردووکیان لەسەر دزی گیرا بوون بەڵام پارێزەری کۆمپایسن زوربەی تاوانەکەی خستبووە ئەستۆی ماگویـچو بەمەوەش ماگویچو کۆمپایسن لە گرتووخانەی ( هەلك )ی سەر تایمز هەڵاتن ،ماگویچ خولیای تۆڵە سەندنـەوەی کەوتە سـەرو بـیری لەوە کردەوە کە لە باکووری ئەو شارەی مس هاڤیشتامی تێدا دەژیا کۆمپایسن لەناو ببا . ئەوەبوو دەستیان کرد بە ڕیشی یەکترو دووبارە کەوتنەوە دەســت پۆلیسو گیران . ئەمجارەیـان ماگویـچ حوکمی هەتاهەتایەی بەسەردا دراو ناردیانە ئوستراليا .

ماگویچ ئەو ماوە کەمەی کە ئازاد بـوو لە گۆڕستانی گوندێـکی دەم زۆنکاوەکان منداڵێکی دی‌و هەڕەشەی لێ‌کرد کە بچێ کارتێغێك‌و

| | |
|---|---|
| تـافی دووەم : | |
| — بازرگانی ڤینیسیا — | Merchant of Venice |
| — کەوی کردنی کیوی یەك — | The Taming of Shrew |
| — چەنەلێدانی بەلاش — | Much and About Nothing |
| — وەك ئارەزووی دەکەی — | As you Like It |
| — دەزگیرانە بەکەیفەکانی وندسۆر | The Merry Wives of Windsor |
| — دوازدەهەم شەو — | Twelfth Night |
| — جۆن پـاشا — | King John |
| — هنری چوارەم — | Henry IV |
| — هنری پێنجەم — — | Henry V |
| تـافی سێیەم : | |
| — شتی چاك ئەوەیە ئاخری خێر بێ | All's Well That Ends Well |
| — ترۆیلوس و کرێسیدا — | Troilus and Cressida |
| — فیتاوفیت — | Measure for Measure |
| — یۆلیۆس قەیسەر — | Julius Caesar |
| — هاملێت — | Hamlet |
| — ئۆتیـلۆ — | Ofhello |
| — لیر پاشا — | King Lear |

